# ئەم هاتنە لەچی؟ ئەو چوونەوە لەچی؟!

فەلەکەدین کاکەیی



**(١)**

چوونەوە، بەرەو کوێ؟
مردن چوونەوەیە بۆ سەرچاوە، وەکو قەترەی ئاوی باران بەرەو دەریاکان دەچێتەوە. (ئێمە لەوێوە هاتووین و بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە).
لە بابەتی پێشوودا گوتم: ئەم دیو و، ئەوێ دیوی پەردەکان، یەکە، ئەوێ لە (چینا)[1] هەیە لە (چانا)ش[2] هەیە. لێرەو لەوێ هەمان جیهانە.

**(٢)**

بابا تایەری هەمەدانی (٣٩٠-٤٥٠ی کۆچی)، کە بەشێوەزاری لوڕی چوارینەی فەلسەفییانەی جوانی داناوەو، دلّزار کردوویەتی بەشێوەزاری سۆرانی، مەوشێ[3]:

ئەمن ئەو بازە، سپیەم سنگ هەسان
لەوەڕگاهمە، کلّاوەی کەژان
بەهەسان هەموو، تیغێ تیژدەکەن
ئەو تیغەم کە خوا، کردی بە هەسان

واتە: خۆی بە (بازی سپی) دادەنێ، کە هیمایەکی کولتووری زەردەشتیە. ئەمجا خۆی بە (هەسان) و (تیغ)یش دادەنێ.. هەسانەکەش هەمان تیغەکەیە. بابا تایەر، لە چرکەساتێکدا دەبێ بە هەسانی تیغ تیژکەر، و دەبێ بەتیغ و بازی سپی وەکو بلّێی، ئەو پێمان دەسەلّمێنێ کە گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە، یاسای هەمیشەیی گەردوونە. هەمووشتێک زووگوزەرو کاتییە. هەر ئەو دبێژێ:

هەلّالّەی کۆهساران هەفتەیەکە[4]
وەنەوشەی جۆکەناران هەفتەیەکە
کەجارچی شار بەشار بانگ ڕادەهێلّی
وەفایی گولّعوزاران هەفتەیەکە

**(٣)**

بابا تایەر (باوە تایەر)[5] بەر لە زۆربەی شاعیرو فەیلەسوفان بەڕووی گەردووندا یاخیبووەو، بە هۆشیاری گەش و گیانی ڕەندییەوە لە جیهانی ڕوانیوە. دەلّێت:

من ئەو ڕەندەم کەوا ناومە قەلەندەر
نەخانم هەس، نەمانم هەس، نە لەنگەر
کە ڕۆژ داهات لە دانیادا دەخۆم خوول (واتە: دەگەڕێم)
کە شەو داهات بەسەر خشتێ دەکەم سەر

لە دنیابینیی باوە تایەردا، بێداری و خەو، دووڕووی یەک ڕاستین.
ئەو خۆی لە ژیان و بوونیش ڕەهاو ئازاد کردووە، بێپەرواو بێباک و چاونەترسە، تەنانەت ڕوو لە دنیا دەکات و فریاد دەکێشێت:

ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون
دەپرسم لێی کەوا ئەم چونە ئەوچون
یەکێ پێت داوە سەدجۆر نازونیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەی خون!

وەختانێکیش ئەو، دەگەڕێتەوە دۆخی (بازی سپی)، خۆی ئازادو ڕەها دەبینێت:

ئەمن ئەو سپی یە بازەم هەمەدانی
کەهێلانەم لە کێوە لە نیهانی
بەبالّی خۆم ئیدی دەفرم کەژاوکەژ
بەچنگی خۆم دەکەم نێچرەوانی

**(٤)**

گەڕانەوەی بابا تایەر بۆ دۆخ و قالّبی بازی سپی وەبیرهێنانەوەی کولتووری کۆنی کوردی زەردەشتییە کە لەم چوارینەیەدا ئاشکراتر دەدوێت: (لێرەدا من بۆ سۆرانی وەرمگێڕاوە ئەویش بەشێوەی پەخشان):

من ئەو دەریایەم کە لە پیالّەیەکدا هاتووم
من ئەو نوقتەیەم کە لەسەر پیت دانراوم
لە هەر هەزار سالّ (ئەلف قەدێک) دەردەکەوێ
من ئەو ئەلف ئەندامەم کە لە (هەزارەدا) هاتوومەتە جیهانەوە.

لێرەدا، ئەز شیعرەکەم بەشێوەی پەخشان هێنایەوە، چونکە مەبەستم ناوەڕۆکی چوارینەکەیە، کە ئاماژەیە بۆ پێشبینیی زەردەشت کە دوای خۆی لەسێ هەزار سالّدا، هەر هەزارەیەک (ئەلف قەد)ێک، واتە: مرۆڤێکی بالّاڕاست وەکو پیتی (ئەلف) دێتە دونیاوە، کە لە ڕەگەزوپشتی زەردەشتە. لێرەدا بابا تایەر دەلّێت: دۆستان! ببینن کە (من هەمان دەریام کە لە پیالّەدام) واتە ئەو هەمان ئاوە، هەمان ڕەگەزە، هەمان شتە، بەلّام قالّبەکەی گۆڕاوە. (چانا) ئاو بووە لە دەریادا. (چینا) ئاوە لە ناو پیالّەیەکدا. قالّبەکان دەگۆڕێن بەلّام ئاوەکە هەر ئاوە... هیمای ڕۆحە. هەروەها دەفەرمێ کە ئەو، ئەو مرۆڤە چاوەڕوانکراوەیە کە لەسەر هەزارەدا پەیدا بووە. واتە لە نەوەی زەردەشتە، جا چ نەوەی مەعنەوەی بێ یا نەوەی ماددی بایولۆجی! ڕەنگە مەبەستیشی مەعنەوەییەکە بووبێت.

ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام لە وەرگێڕانەکەی دلّزارو هەندێ وەرگێڕاوی دیکە (ماموەستا بۆرەکەیی) نەبێ ئەم چوارینەم بەرچاو نەکەوتووە نازانم بۆچی پشت گوێیان خستووە، لە کاتێکدا، بەلای منەوە، ئەم چوارینەیە کلیلی شیعرو فەلسەفەی بابا تایەرە.

**(ماویەتی)**

**پەراوێز:**

**١- چینا (بەشێوەی کۆنی گۆران) واتە: لێرە**

**٢- چانا (بەهەمان شێوە): لەوێ.**

**٣- مەوشی (بەشێوەی لوڕی): دەلّێت، بەشێوەی گۆرانی ماچۆ: مەواچۆ. بەلوڕی و کەلهوری: مەوشم: دەلّێم مەوشی: دەلّێت.**

**٤- نازانم بۆچی مامۆستا دلّزار لە جیاتی (هەفتە) نووسیویەتی (حەفتە)، لەکاتێکدا لەشێوەی کۆنی گۆران/ هەورامانی هەمیشە (هەفتە) هاتووە: هەفت، هەفتە، هەفتەوانە، هەفتەن. بێگومان لە فارسیشدا (هەفت) بەکاردێن. ئەو وێکچوونەی شێوەزاری گۆران و فارسی بەلّگەی ڕاستییەکی مێژوویی ڕوونە، کە زمانی کوردی و فارسی دوو لقی درەختێکی دێرینی زمانن.**

**(٥) باوە تایەر: واژەی (بابا) لە کوردی کۆندا هەمان واژەی (باوە) بووە، کە ناونیشانی گەورەیی مرۆڤێکە، هەروەها پلەیەکی بەرزی ئایینی بووە، هەر لەبەر ئەوەش بە باپیرە دەلّێن (بابا) ئێستاش لە دەیان شوێنی کوردستاندا نەزرگەو مەزارگەی جۆربەجۆر هەیە بەناوی (باوە) لە شاری دەرسیمیش بنەمالّەی (بابە/بابا/باوە) هەیە پێیان دەلّێن: (بەبەلەر)کە شێوەی زمانی تورکی وەرگرتووە، بەلّام لە گەوهەردا باباکانی دەرسیم لەهەمان ڕەچەلەکی باوەکانی باشوورو ڕۆژهەلّاتی کوردستانن. لەشاری دەرسیم چەمێک هەیە بەناوی چەمی مەنزورو زیارەتگایەکیش هەیە بەناوی (مەنزور بابا) کە بە مانای... (چەمی مەنزوور باوەمەنزوور)ە، هەمووسالّێک سەری لێدەدەن و ئاهەنگ و جەژن و قوربانیی پێشکەش دەکەن.**

**(بابا گوڕ گوڕ)یش لەهەمان ڕیشەوە هاتووە، هەربۆیەش زیارەتگایە واتە: واژەی (بابا گوڕگوڕ) کە کوردییەکی ڕەسەنی هەرەکۆنە نیشانەی کولتووریی کوردبوونی کەرکووکە. دەرکەوتوە کە (بابا گوڕ گوڕ) نازناوی پیاوچاکێکی کوردی پەیڕەوی ڕێبازی بەکتاشییە، کە ڕوویەکی دیکەی ڕێبازی یارستانە. باسی (بابا گوڕ گوڕ) لە کتێبێکی مێژوویی گرنگی د. عیماد عبدالسلام هاتووە، کە ئێستا بەزمانی عەرەبی لە ژێر چاپدایە.**

**ئەگەر زیاتریش بەشوێنیا بچین ئەوا ڕەنگە ناوی (بابا/ پاپا)ی فاتیکانی مەسیحی لەهەمان ڕیشەی کۆنی کوردییەوە هاتبێ. چونکە بابای مەسیحیش بە مانای پلەی مەزنی ئایینی هاتووە وەکو (بابا) لە کولتوری کوردیدا وشەی (پیریش) ڕەنگە لە فەڕەنسی و ئینگلیزی کرابێت بە (بیر) کە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکاو فەڕەنسایە.**



2008/4/15 :457

أسماء الألوان / دوا سةرنج / الصفحة: ٨٠ / ١٤/٤/٠٨ / 3:23 AM